# سەر زەمینێك كتێبی نەخوێنراوە

شەهید كەوڵۆسی

نازانم بە دوای چیا ئەگەڕێم ،
بەڵام ئەزانم بە دوای چیا ناگەڕێم !
لێرەیا دوودڵ نیم لەوەی ماندوو ترم لە ئاو با ،
ڕۆژێك بڕیارم دا چیتر لە بارەی بەد بەختیەوە قسەنەكەم،
چونكە ئەمزانی بەد بەختی دەرنجامی هۆشیاری ئینسانەكانە !!
لە دڵەوە ئەزانم كەڵكی ئەوەم نەماوە
خۆم بە جوان كردنی ڕەسمی ئایندەوە خەریك بكەم،
ئایندەی ڕاكە ڕاكەی چەقۆ بە یادەوەریما ..
ئێوەش هەوڵ بەن خۆتان بەمنەوە خەریك مەكەن،
هەوڵ بەن خۆتان جیاكەنەوە لە من ،

وەك جیابوونەوەی پرتەقاڵ و باینجانەڕەشەی سەر عەرەبانەی بە قاڵێك،
من ئێستاش دوو دڵ نیم لەوەی خوێندنەوە ئامادەكردنی تۆیە وەك دوژمنی ژیانی عادەتی !
بەڵام هەمیشە دوودڵ نەبووم لەوەی ئایا من كتێبێكی گەورەم
بەكەڵكی ئەوەدێم بخوێنرێمەوە ؟
ئەمە دوو پرسیاری لێك جوداو هاوشانە ..
من سەر زەمینێك كتێب ڕژاوەتە دەرگام ،
كتێب هەیە پەردە پۆشەوە هەیە ڕووت پۆش ،
كتێبی قاتڵ و كتێبی تاڕادەی شەرم عاشق ،
كتێبی شەڕەنگێزو ئاشتی خواز،
مناڵانی ڕێگەی مەكتەب و ناو كۆڵان
كتێب و نوسراون .

پیرو پەككەوتەو ئاندیكاپێ كانی خەستەخانە ڕۆمانە هەمیشە داخراوەكانن !
كە ڕووبەڕووت دەبمەوە لە حزەیی خوێندنەوەو وەستانمە لەسەر ئەو تێكستانەی لە چاوتان لە ڕووخسارتان
بێ فاریزەو بێ نوكتەو درێژن ...
گەورەترین كتێب لە ڕوخساری بێدەنگ ترینمانایە!!!
ڕات ناچڵەكێنم بە نوسراو،
بەڵام كە بێدەنگم ڕوخسارم پڕە لە هاوار ..
كەهێندە دوورە پەرێزم لێتان
ئەزانم زامێك لە یادەوەریدا دەمانكاتەوە بەیەك .
سوێندت بۆ دەخۆم ،
بە پەرە پەرەی ڕوخساری ڕەنگە زەردەكەی (كەریم كابان)و
بە دێڕ بە دێڕی دەستە لەرزۆكەكانی (ئیبراهیم خەیات).

قبوڵم نەبوو  هێندە ئاشنای ئەم گۆشەگیرییە بم ،
بەڵام بە کتێبە داخراوەکانی  دیدە ڕووناکەکانی (عەینەدین)،
گۆشەگیری فەوزایەکی گەورەیە لەگەڵ ئێوە،

(بۆدلێر) ووتی :
وەرن مەستی بکەین ئەمڕۆ، بە شەراب نا بە شیعر!
من ئەڵێم :
مەست مەبن  کاتێك لە دەرگای کتێبێك ئەیەن بەڵکو  ڕووتی کەنەوە تائەو جێگەیەی هەست ئەکەین تاکە جوانیەك ئەگەر هەبێت
شێواندنی ئارامی ئەوانی ترە ئەگەر مەستن !!
ئێستا من لە ئوتێل(میدیم)  نزیك لە شتی قیمەت دارو  بچوك،
بە درێژایی ئەم شەو  پەنجەرەکەم بە ڕووی شارا کردۆتەوەو
جگەرەئەکێشم،
بیر ئەکەمەوە لەوەی ئەم هەمووە ئارامیە لەم شارەیا
سەرنجام خراپ ئەکەوێتەوە ،
لە دالغەدام ئێرە سلێمانیە ،
ئەزانم دوو دەری کوشندە هەیە ،
یەکیان مەستی و ئارامی دونیا تاریك ئەکات و
دووهەمیان ترس و خوێن و دونیا گەرم ئەکاتەوە !!
هەست ئەکەم ئەم دووشارە منیان زنجیر کردووە ،
ئااا‌خر من دژی ئەو هەموو ئارامیە مەستانەیەم و
تەواو وەڕەسی ئەو هەموو ترس و خوێن بارینەی سلێمانیم ..
پێکێك لە شەرابی خوێنی عیسا بە دەستمەوەیە و
یادەوەریشم کەپڕە لە بوتڵە خوێنی وڵات لە سەرما جمەی دێت..
وەك ئەژدیها  پیرەکان لوول دەخۆم،

لە ناو کتێبە داخراوەکاندا بەر چاوم ڕەش دەگەڕێت ،
دەربارەی جوانی لێکدانی باڵی پەپولەکان هیچ نازانم،
بەس ئەزانم زمانی ئەم چەقۆیە چەند درێژە !!
هیچم لە بارەی باخچەوە نە خوێندۆتەوە ،
بەڵام دەربارەی کوچە تەنگەبەرەکانی ئازادی شتی زۆرم لەبەرە!!
تکا دەکەم تۆش لەمەودوا  دەربارەی ڕابردوو هیچم لێ مەپرسە ،
ئەگەر خۆمان گێل نەکەین ئێستامان غەرقی ڕابردووە ،
ئەتوانم دەرنجامی مەرگی ئەو کتێبانەت پێ بڵێم
کە هێشتا نەنووسراون ؟!
ئەگەرچی ئەوان باسی سبەینێ ئەکەن
ئەو کاتەی دونیا  پڕ ئەبێت لە هەرەسی خەون هیوای وێڵ،
تۆ کەنەتوانی دەستی ئایندە بگریت و لە قاوە خانەکەی ئێستایا
تەعاروفی لەگەڵ  دوێنێدا  پێ بکەبت ،
هیچم لێ مەپرسە ..!

**ئێستا وەرزی چەندهەمی گۆشەگیری منە..؟**
**گۆشەگیری من پابەندی کات و وەرزەکان نیە،**
**چونکە ئەزانم تەمەنی خوام ئەوێت ،**
**تاهەمووتان حەرف بە حەرف و**
**ووشە بە ووشە و**
**دێڕ بە دێڕ و**
**کتێب بە کتێب ئەخوێنمەوە !!**
**تەنها لە بەر ئەوەی هەست بکەم ،**
**ئێوەی دەرەوەی من ئەتوانن لە قوڵایی ئەم گۆشەگیریە دەرمبێنن....!**

2005